# گروپەکانی گوشار

## و کاریگەرییان لەسەر رای گشتی و دەسەڵاتی سیاسی...

*نووسینی: زاهر زکار

*وەرگێڕانی: مەجید ساڵح

*گومان لەوەدا نییە، هەموو بیروڕا و چالاکییەك ڕەنگدانەوەی را و خواستی کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراون. جگە لەوەش هەموو بیرمەندەکان لەڕێگەی توێژینەوە و ئەزموونەکانیانەوە گەیشتونەتە ئەو بۆچوونەی کە ((تاك بەشێکە لەو کۆمەڵەی کەتێدا ئەندامە، هەر بۆیە دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵگاکەیەوە)) .

جگە لەوەی کە مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە لەناو گروپێکدا بژی، لەهەمان کاتدا دەبینین خۆی لەگەڵ خەڵکانیتردا دەگونجێنێ، بەتایبەت لەگەڵ ئەو کەسانەی کەهەمان رای و هەمان بەرژەوەندی ئەویان هەیە. لەدەرئەنجامدا هەر رایەك، باهی تاکێکیش بێت، بەلأم لەواقعدا رایەکی کۆمەلأیەتییە و تەعبیر لەرای ئەو کۆمەڵگایە دەکات کە تاکەکە ئەندامە تێیدا، یان دەیەوێ ببێتە ئەندام. تاکو کەسەکە زیاتر پابەندی نەریتەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێت کە تێدا ئەبێتە ئەندام، ڕێژە و رادەی پەیوەندییان بەرزتردەبێت. لێرەوە هەموو ئەو ئاراستە دەروونییەی کە لە گروپە سەرەتاییە کۆمەلأیەتیەکاندا سەر هەڵدەدەن (وەك خێزان) ئاراستەیەکی پتە و ڕەسەنن، چونکە کار لە (دەروونی مرۆڤ دەکات و کەسایەتیەکی بۆ دروست دەکات، تاقیکردنەوەکان سەلماندوویانە زۆربەی کەسایەتی مرۆڤ پێش تەواوکردنی قۆناغی هەرزەکاری دەچەسپێ) .

بەلأم ئەو ئاراستانە کە لەگروپە ناوەندییەکانی وەك حزب و سەندیکاکان دروست دەبن، ئاراستەیەکی پەراوێزین، بەلأم ئاراستە پتەو ڕەسەنەکانی دەبنە بەشێکی گرنگی کەسایەتی مرۆڤ و گۆڕینی زۆر سەخت و دژوار دەبێت، با لایەنی بەرامبەر زۆر زیرەك و بەتواناش بێت، چونکە لەناخی تاکەکەدا چەسپیوە، بەپێچەوانەوە ئاراستە پەراوێزییەکان ئەو خاڵەن کە لایەنی بەرامبەر دەتوانێ لەڕێگەیەوە (راگەیاندن بەتایبەت خۆی بخزێنێتە ناو کەسایەتییەکەیەوە و هەموو تەقەلایەکی دەخاتەگەڕ بۆ بەجێهێشتنی کاریگەری لەسەری. ئەزموون ولێکۆڵینەوەکانیش ئەوەیان سەلماندووە کەوا سەرکردەکانی را و فەرماندە و سیاسەتمەدار و پیاوانی کۆمەلأیەتی دەتوانن کاریگەری لەسەر گۆڕینی ئاراستەی بیر و بۆچوونی کەسەکان لەناو کۆمەڵە و گروپەکاندا بەجێبهێڵن.

گروپەکانی گوشار یان گروپەکانی بەرژەوەندیی بریتین لەو گروپانەی کەلەسەر بناغەی بەرژەوەندی تایبەت و کۆکردنەوە و بەدەست هێنانی کەرەستەکانی کاریگەری خستنە سەر دەسەڵات، دروست دەبن و هیچ بەلایانەوە گرنگ نیە سروشتی دەسەڵاتی سیاسی باڵادەست چۆن دەبێ. ئەم گروپانە لەسێبەری دەسەڵات دا دروست دەبن و کار بۆ هێنانەوەی قازانجی خۆیان دەکەن، لەبەر نزیکیشیان لەپێگەکانی دەسەڵات، کاریگەری لەسەر بڕیار و کاروبارەکانی سیاسی و ئابووری بەجێدەهێڵن هەرچەندە ئەو کاریگەرییانە راستەوخۆ دەبن، بەڵام نارەسمین و ئاشکرانین. ئەندامانی ئەم گروپانە پەیوەندییەکی دۆستانە و بەرژەوەندییانەی توندوتۆڵیان لەگەڵ بەرپرسە پایە بەرزەکانی دەسەڵاتدا هەیە.

کاریگەری ئەم شێوازەی پەیوەندی زۆر بەهێزترە لەکاریگەری ئەرکە رەسمیەکانی سەرشانی بەرپرسان، هەروەها گەرهاتوو ئەم گروپانە پەیوەندییان لەگەڵ گروپیتری بەرژەوەندی هەبوو لەوڵاتانیتردا، ئەوا رۆڵیان لەئاراستەکردن و دەرك کردنی بڕیارەکانی دەسەڵاتدا زۆر زیاتر دەبێت.

لەخەسڵەتەکانی ئەم گروپانە دەکرێ ئاماژە بەوە بدەین کە سیفەتێکی رەسمییان نییە و پابەندی هیچ پێوانە و نەریتێکی مرۆڤایەتی نین و پشت بەهۆکارە ئابوورییەکان و ئیستغلال کردنی پەیوەندییە شەخسیەکانی خۆیان دەبەستن بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان و کارکردنە سەر دام و دەزگاکانی دەسەڵات تا ئەوکاتەی بەقازانجی خۆیان دەبێ. ئەوەی گرنگی ئەم گروپانەی زیاترکردووە ئەوەیە کە لەپەراوێزی دەسەڵاتدا چالاك دەبن و بەشێوەیەکی ئینتهازی و نارەسمی نائەخلاقی سوود لەئیمتیازاتی دەسەڵات وەردەگرن.

توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەسیستەمەکانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی پەنجەیان لەسەر ئەوەداناوە کە لەدەرەوەی حیزبە سیاسیەکاندا کۆمەڵێك گروپ هەن پێیان دەوترێت ((گروپی گوشار) ) یان ((گروپی کاریگەری) ) ئەم گروپانە لەزۆربەی کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا هەڵدەستن بەئەنجام دانی ئەرکی سیاسی. لەهەندێ حاڵەتدا، ئەم ئەرکانە لەقازانجی کۆمەڵگادایە و لەهەندێ حاڵەتیش دا لەزیانیدایە، چونکە راستەوخۆ کاردەکەنە سەر سەقامگیربوونی یان پێشکەوتنی. دەکرێ لەکۆمەڵگایەکدا کە سیستەمی سیاسی سەقامگیر بێت، ئەم گرووپانە ببنە هۆکارێکی زیاتر لەپێناوی بەرژەوەندی کۆمەڵگادا، چونکە لەو حاڵەتەدا لەرێگەی ئەمانەوە جەماوەر دەتوانێ خواست و نارەزایەتیەکانی دەربڕێ. هەروەها لەرێگەی ئەو دەربڕینانەوە دەسەڵات دەتوانێ ئاراستە و بۆچوونەکانی خەڵك بزانێت. بەڵام گەر هاتوو دەسەڵاتی سیاسی

لاوازبوو، ئەوا ئەم گروپانە دەتوانن ببنە هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی حکومەت و بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی، لەم حاڵەتەشدا توێژەکانی کۆمەڵگا دەکەونە ژێر رەحمەتی ئەم گروپانەوە (وەك چۆن لەپاش جەنگی جیهانی دووەم لەفەرەنسا رویدا) .

جیاوازییەکانی نێوان گرووپەکانی گوشار و حزبە سیاسیەکان

پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان حزبە سیاسییەکان و گرووپەکانی گوشار. حزبی سیاسی بایەخ بەدەسەڵات دەدات و لەکۆمەڵگا زۆر پێشکەوتووەکاندا دەردەکەوێت. ئەو کۆمەڵگایانەی کەسیستەمی سیاسییان زۆر پێشکەوتوو ئاڵۆزە، چەندین رێکخراوی حزبییان تێدا دروست دەبێ و هەریەکەش هەوڵی دەسەڵات گرتنە دەست دەدا. بەڵام گروپەکانی گوشار بریتین لەو توێژەی ناو کۆمەڵگا کەهەوڵ دەدات کاریگەری لەسەر چینی دەسەڵات دار بەجێبهێڵێ، هەر لەبەر ئەوەشە ئەو ناوەی بەسەردا براوە.

لەرووی قەبارە و هێزیشەوە ئەم دوو رێکخراوە جیاوازییان هەیە. هەریەکەیان بواری گرنگی پێدانی تایبەت بەخۆیان هەیە و رادەی کاریگەریشیان جیاوازە. ئەگەر حزبی سیاسی هەوڵی بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی دەدات و دەیەوێت راستەوخۆ ئەرکە سیاسییەکان راپەڕێنێ، لەبەرامبەردا گروپەکانی گوشار هەوڵ دەدەن (خۆیان لەو کەسانە نزیك بکەنەوە کە پۆستە ستراتیژەکانیان لەدەست دایە یان لەناو کۆمەڵگادا رۆڵیان هەیە) .

خەسڵەتێکی تری گروپەکانی گوشار ئەوەیە جیاوازە لەکۆمپانیاکانی بازرگانی، چونکە هەوڵ نادەن لەم رێگەوە پارەیان دەست کەوێت، بەڵکو دەیانەوێت بەرژەوەندییەکان و هەندێ خەسڵەتی مەعنەوی خۆیان بپارێزن، با ئەو بەرژەوەندیانەش گرێدرابن بە بەرژەوەندی مادیەوە. جگە لەوانە ئەم گروپانە هەوڵ دەدەن ئامانج و بەرژەوەندیەکانی ئەندامەکانیان بپارێزن، کەچی کۆمپانیا بازرگانییەکان هەوڵ دەدەن دەست بەسەر بازاڕی ئەو کاڵایەدا بگرن کە کۆمپانیایەکیتری هاوچەشن بەرهەمی دەهێنێ.

سەرەڕای ئەوانەش ئەم گروپانە لەهەندێ شت دا لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانیەکاندا یەك دەگرنەوە، هەر بۆ نموونە هەردوولایان ئەوپەڕی توانایان دەخەنەگەڕ بۆ تێك شکاندنی ئەو لایانەنانەی کەدژی بەرژەوەندییەکانی ئەمان کاردەکەن، لەو پێناوەش دا تەنانەت بەرتیل-یش دەدەن. هەروەها هەردولایان بەپێچەوانەی حزبی سیاسی نایانەوێ دەسەڵاتی سیاسی کۆنترۆڵ بکەن (لەوەش بترازێ ئەمانە بەرپرسیارنین لەبەرامبەر خراپ بەڕێوەچوونی دام و دەزگاکانی حکومەت) .

بەهەرحاڵ، گروپەکانی گوشار جیاوازیتریان لەگەڵ حزبی سیاسیدا لەوەدایە کەسەرچاوەی داراییان سنورداره، بەڵام حزبی سیاسی وانییە. هەروەها لەکاتی

دەرکـــردن و هەڵوەشـــانەوەی بڕیـــار و یاســـاکاندا گرووپـــەکانی گوشـــار هـــەوڵ دەدەن لەبەرژەوەندی خۆیاندا دایشکێنن، واتە ئامانجەکانیان سنوردارن، بەڵام حزبی سیاسی ئامانجـەکانی فـرەو بـەربڵاون و پرۆگرامـی حزبـەکان قسـە لەسـەر تێکـڕای مەسـەلە گشتیەکان دەکات.

هەرچـەندە گرووپـەکانی گوشـار لـەدەرەوەی دەسـەڵاتن، بـەڵام هـەوڵ دەدەن سیاسـەتە گشتییەکان بەرەو لای خۆیان راکێشن، بەڵام حزبە سیاسیەکان لەهەوڵی راکێشانی رای گشـتی دان بۆلای خۆیـان تـاکو لەرێگەیـەوە دەسـەڵات بگرنـە دەسـت. دواتـر گرووپـەکانی گوشار لەسەر بنەمایەکی دیموکراتی خۆیان رێك خستووە و سەرۆکی گرووپەکە خۆی باڵادەسـتە، ئەمـەش پێچـەوانەی حزبـە سیاسـییەکانە کـە بەشـێوازێکی دیموکراتیانـە پەیڕەودەکەن لـەکاتی دەرکردنـی بڕیارەکانیانـدا، لەهەندێ بڕگەدا حزبـە سیاسـییەکان و گرووپـەکانی گوشـار یـەك دەگرنـەوە، چـونکە هـەردوولایان لەلایـەن حکومەتـەوە گرنگیـان پێدەدرێــت، هــەروەها لەبەرئــەوەی هــەردوولا وەك نیوەنــدێك لــەنێوان حکومــەت و هاوڵاتیانــدا کاردەکــەن. لەوڵاتــە تۆتالیتارییەکانــدا گرووپــەکانی گوشــار و حزبــە سیاسییەکان وەك یـەکیان لێـدێت و هـەردوولایان هەڕەشـەی راسـتەوخۆ و ناراسـتەوخۆ بگـرە لەهەنـدێ حاڵەتـدا توندوتیـژی بـەکاردەهێنن وەك ئـەوەی لـەکاتی دەسـەڵاتی نازییەکانی ئەڵمانیا و فاشیەکانی ئیتاڵیادا روویدەدا.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت گرووپـەکانی گوشار کاریگەرییـەکی زۆریـان هەیـە لەسـەر رای گشتی و حکومەت، چونکە خاوەن توانایەکی دارایی زۆرن و ئەو داراییەش کارئاسـانیان بـۆ دەکـات تـاکو لەرێگەیـەوە کەناڵـەکانی راگەیانـدن بـەکاربهێنن و بـۆ خسـتنەرووی کێشـەکانیان لەهـەموو کـات و شـوێنێکدا. ئـەوەش دەبێتـەهۆی هاوسـۆزی رای گشـتی لەگەڵیانـدا. جگـە لـەوەش ئـەم گرووپانـە زۆر بەئاسـانی دەتـوانن نهێنـەکانی دەوڵـەتیان دەســت کــەوێت و لەرێگــەی ئەوەشــەوە هەڕەشــە لەحکومــەت دەکــەن گــەرهاتوو خواستەکانیان جێبەجێنەکەن ئەوا لەراگەیاندەکاندا ئەو نهێنیانە بڵاودەکەنەوە. هەر ئەوەش حکومەت ناچاردەکات خواست و داواکارییەکانیان جێبەجێ بکەن.

لێــرەوە دەکــرێ بڵــێین گرووپــەکانی گوشــار بەپلــەی یەکــەم کــار بــۆ هێنانــەدی بەرژەوەندییەکانیان دەکەن، ئەم گرووپانە لەکۆمەڵە خەڵکێکی زیرەك و بزێو پێکهاتوون و دەتوانن لەهەموو جێگەیەك کاربکەن و پەیوەندی و دۆستایەتیەکانیان بەکاربهێنن و گەر کرا لەرێگەی گوشاری داراییەوە بگەن بەئامانجەکانیان. دەکرێ بڵێین گرووپەکانی گوشار بەرژەوەنــدی هەڕەشــەیەکن بۆســەر بەرژەوەنــدی گشــتی، چــونکە وەك وتمــان تــەنیا

بەرژەوەندی خۆیان لەبەرچاو دەگرن و گویٚ بەبەرژەوەندی گشتی نادەن و (هیچ ریٚگە و شویٚنیٚکی دیموکراتیانەش لە پەیوەندییەکانیاندا ناگرنەبەر) .

چەمکی گروپەکانی کوشار

دیاردەی گروپەکانی گوشار بەشیٚوەیەکی تایبەت لەلایەن زانایانی کۆمەڵناس و بەشیٚوەیەکی گشتی لەلایەن زانستی سیاسییەوە گرنگیان پیٚدراوە. تویٚژەری بەناوبانگی فەرەنسی ((ژان مینو) ) بەشیٚکی بەربڵاوی لیٚکۆڵینەوەکانی بۆ ئەم دیاردەیە تەرخانکردووە. وەك پیٚشتر باسمان کرد گروپە کۆمەڵایەتیەکان دەبنە دوو ئاراستەی بنەڕەتی و رەسەن (خیٚزان) و پەراویٚز (کۆمەڵە ناوەندییەکان وەك حزب و سەندیکا و گروپەکان (گروپەکانی گوشار بەشیٚکن لەم گروپە کۆمەڵایەتییە) . ئەم گروپانە کۆمەڵەخەڵکیٚك لەخۆیان کۆدەکەنەوە کە بەرژەوەندی لیٚك نزیکیان هەیە و کار بۆ بەدیهاتنی دەکەن و وەك گروپ و تاك هەڵدەستن بەچارەسەرکردنی کیٚشەکانیان ئەندامانی گروپەکانی گوشار لەزۆر رووەوە لیٚك نزیکن، بەڵام ئامانجیان ئەوە نییە (قازانجی بازرگانی بکەن و دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست) ، گومان لەوەدانییە کۆمەڵە ریٚکخراویٚك هەن تاراددەیەك لەچالاکییەکانی حکومەت دوورن، وەك ریٚکخراوە ئایینەکان و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ، لەهەمان کاتدا کۆمەڵە ریٚکخراویٚکیتر هەن پەیوەندی راستەوخۆیان بەچالاکی سیاسیەوە وەك کۆمەڵە و ریٚکخراوە پیشەیەکان و پیٚشەوەرە بچوك و بازرگانە بچووکەکان. ئەمانە هەوڵ دەدەن گوشار و کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی پەرلەمانی و دەسەڵاتی گشتی دابنیٚن و ئامانجەکانیان بهیٚننەدی و پاریٚزگاری لەبەرژەوەندیەکانی خۆیان بکەن. لیٚرەدا بەپیٚویستی دەزانین بڵیٚین سەدان ریٚکخراوی جیاجیا هەن کەلەرووی قەبارە و گرنگیانەوە جیاوازن و هەریەکەیان کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر رای گشتی و سیاسەتی گشتی.

هۆکاری ناونانی ئەم گرووپانە بە ((گروپی گوشار یان تاقمەکانی کاریگەری) ) دەگەڕیٚتەوە بۆ ئەو گوشارانەی کەئەم گروپانە دەیخەنە سەر رای گشتی و سیاسەتی گشتی. ریٚژەی کاریگەری و گوشاری ئەم گروپانە لەگروپیٚکەوە بۆ گروپیٚکیتر دەگۆڕیٚ. بۆ نموونە هەندیٚك گروپ هەن گوشارەکانیان بەردەوامی تیٚدایە و لەرووی شیٚوازیشەوە جۆراوجۆرن، بەڵام هەندیٚ گروپیتر هەن تەنیا لەکاتی پیٚویست داو بەپچڕپچڕی گوشارەکانیان بەکاردەهیٚنن.

لەچوارچیٚوەی گرنگیدانی بەم دیاردەیە، تویٚژەری فەرەنسی ((ژان مینو) ) سەبارەت بەگروپەکانی گوشار دەڵیٚ: ((هیچ گروپیٚکی بەرژەوەندی لەفۆرمی ریٚکخراویٚکی گوشار لەئارادا نییە، تەنیا لەوساتەدا نەبیٚ کەتیٚدا بەرپرسیارن بۆ هیٚنانەدی مەرامەکانی

خۆیـان دەسـت بـەدانانی کاریگـەری لەسـەر دامـەزراوەکانی حکومەتـدا دەکـەن، هـەر بـۆ نموونـە سـەندیکای بەرهـەم هێنـەران لـەفۆرمی گروپـی بەرژەوەنـدی دایـە، چـونکە ئـەو دامــەزراوە و بــەئامرازە تایبەتیــەکانی خــۆی چـاودێری دابــەش بــوونی کرێـار لــەنێو ئەندامەکانی خۆی دەکات، بەڵام ئەودەمە دەبێتە گروپێکی گوشار کە ئامانجی دەگۆڕێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات) ) .

هــەروەها دەڵــی: ((گروپــەکانی گوشــار وەك تاقمێـك کۆمەڵـە چـالاکییەك لـەخۆدەگرن و گروپەکانی گوشار پشت بەشیکردنەوەی ئەو چالاکیانە دەبەستن، بەڵام لەگۆشـەنیگای دیاریکراوەوە) ) .

پۆلین کردنی گروپەکانی گوشار

هەندێ لەبیرمەندانی رۆژئاوایی و لەنێوانیاندا بیرمەندیی فەرەنسی ((مینو ) ) پێیـان وایـە کە گروپەکانی گوشار دەبن بەدوو جۆری گـەورەوە و لێرەدا ئامانجـەکان رۆڵـی سـەرەکی دەبینن. ئەو دوو گرووپەش بریتین لە:

-1رێکخراوە پیشەییەکان: ئەمانە ئەو گروپانەن کە کار بۆ بەدەست هێنـانی بەرژەوەنـدی مـادی بـۆ ئەنـدامانیان دەکـەن و دەیانـەوێت دەسـکەوتەکانیان بپـارێزن. هـەروەها ئـەم گروپانــە دەیانــەوێت خۆشــگوزەرانی بــۆ ئەنــدامانی رێکخراوەکانیــان دەســتەبەربکەن. ئەندامانی ئەم گروپە زیاتر لەیەك گرووپی پیشـەین و سـەندیکاکانی کرێکـاران و خـاوەن پیشەکان و بەرهەم هێنەکان لەم جۆرە رێکخراوانەن.

-2ئەو کۆمەڵە و تاقمانەی کەخاوەن ئایدۆلۆژیان و دەیانەوێت لەرێگەی هەڵوێستە فکری و ئەخلاقیەکانیانــەوە بەرژەوەندییــەکانیان بپــارێزن. گرووپــە ئــایینی و ئــەخلاقی و نیشـتمانییەکان و پـارێزەرانی ژینگـە و مـوژدە بەخشـان و گروپـەکانی مـافی مرۆڤـــ و پارێزەرانی باڵندە و گیانەوەرە دەگمەنەکان لەم گرووپانەن.

ئــەوەی تێبــینی دەکــرێ ئــەم دوو جــۆرە هــەموو تاقمــەکانی گوشــاریان لەخۆیانــدا کۆکردوەتــەوە. هــەروەها ئــەم دوو گروپــە دانــەخراون، واتــە هــەر گرووپێکــی پیشــەیی دەتوانێت ئایدۆلۆژیایەك بۆ خۆی هەڵبژێرێ و ئاراستە و ئامانج بۆخۆی دیاریکات.

جۆرەکانی گروپەکانی گوشار

لەسـەرەتادا باسمـان لـەوەکرد گروپـەکانی گوشـار ئـەو گروپانـەن کـەدەتوانن گوشـاری سیاسی لەسەر دەسەڵات دابنێن، هەرچەند ئەم گروپانە لە بنەڕەتدا کار بۆ ئەوەدەکەن ئامانجەکانی ئەندامەکانیان دابین بکەن، بەڵام دەکرێ دابەشیان بکەین بۆ ئەم بەشانە:

1-گروپەکانی گوشاری سیاسی: ئەم گروپانە کارەکانی خۆیان بەشێوەیەکی سەرەکی لەچالاکی سیاسی ولاتەکەدا سنوردار دەکەن. وپێیان دەوترێت لوبی و باشترین نمونەش لۆبی جولەکەیە لەئەمریکا و کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لەدروست کردنی بڕیارە سیاسیەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

2-گروپەکانی گوشاری نیمچە سیاسی: سەندیکاکانی کرێکاران و یەکێتی پیشەوەران دیارترین نمونەی ئەم جۆرە گروپانەن، هەرچەندە کاروباری ئەمانە کەمتر خۆی لەسیاسەت دەدا، بەلام ناتوانن بگەن بە ئامانجەکانیان تاکو چالاکی سیاسی نەکەن.

3-گروپەکانی گوشاری خاوەن ئامانج: ئەم گروپانە بەپێی جیاوازی ئامانجەکانیان دەگۆڕێن، تیایاندا هەیە پێیان دەوترێ خاوەن باوەڕەکان یان خاوەن بەرنامەکان و هەوڵ دەدەن هەندێ باوەڕی خۆیان بەدیبهێنن وەك ((گروپی یەکگرتنەوەی ئەوروپا) ) یان ((گروپی حکومەتی کرێکاری) ) بەریتانیا. هەروەها هەیانە پێیان دەوترێت گروپەکانی بەرژەوەندی تایبەت. ئەمانە خەبات بۆ بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان دەکەن، لەوانەیە ئەو بەرژەوەندیانە نەتەوەیی یان لۆکالی بن.

4-گروپی گوشاری بەرگریکەر لەبەرژەوەندی ولاتانی بێگانە لەناو ولاتەکەدا: ئەم گروپانە زیاتر لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەردەکەون و هەر ولاتێك هەوڵ دەدات گروپێك دروست بکات بۆ پشتیوانی خۆی ئەوەش لەپێناوی بەرگریکردن لەبەرژەوەندییەکانی ولاتەکە لەئەمریکا.

لێرەدا شاراوە نییە کەهەر گرووپێك بەپێی سیستەمی سیاسی ولاتەکەی خۆی شێوازی کارکردنی دەست نیشان دەکات، شێوازەکانی کارکردنی گروپەکانی گوشار بریتین لە:

1-پەیوەندیکردنی راستەوخۆ بەحکومەت و بەرپرسەکانی حکومەت تاکو هەندێ بڕیار دەرکەن کەئەوان دەیانەوێت یان هەندێ بڕیار هەڵوەشێنەوە کە لەگەڵ خواستی ئەواندا ناگونجێ.

2-پەیوەندیکردن بەئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ دەرکردنی هەندێ یاسا کە لەبەرژەوەندی ئەواندابێت. زۆرجار ئەندامانی ئەم گرووپە بۆ ئەو مەبەستە دیاری دەبەخشن و ئاهەنگ دەگێڕن تاکو کار بکەنە سەر ئەندامانی پەرلەمان و حکومەت. بۆ ئەم مەبەستەش دەلالی تایبەت و پسپۆریان هەیە.

3-هاوکاریکردن لەگەڵ گرووپەکانی گوشاریتردا بۆ تەنسیق کردن و نەهێشتنی جیاوازییەکانیان. زۆرجار چارەسەری ناوەند دیاریدەکەن.

-4ئامادەکردنی رای گشتی بۆئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەواندا بگونجێن. ئەوەش لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندن و جەماوەری یان لەرێگەی بلأوکردنەوەی بەیاننامە و رێکخستنی گۆڕ و سیمینار و کۆنگرەوە دەبێت، ئەم مەسەلە وا لەحکومەت دەکات خواستەکانی ئەم گروپانە بەراورد بکات.

## گروپەکانی گوشار و گروپەکانی خاوەن بیروڕا (ئایدۆلۆژیا)

لەریزی گروپی یەکەمدا بازرگان و کرێکار و پیاوانی خاوەن پیشەسازی و کشتوکاڵ و گروپە نەتەوەییەکان هەن. لەزۆر وڵاتانی دونیادا ژووری بازرگانی و یەکێتی پیشەسازان و جووتیاران هەیە. ئەم گروپەیان هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە کەرەستەی خاو بەرهەم دەهێنن یان دەگوازنەوە یان دەفرۆشن. خاوەن بانك و پەیمانگاکانی تەئمین و دابین کردنی شمەك دەچنە ریزی ئەمانەوە.

بەڵام گروپەکانی خاوەن بیروڕا (ئایدۆلۆژیا) پەیوەندی و رێکخستنەکانیان لەسەر بەرژەوەندییەکی بەربلأوتر رێك دەخەن. هەندێ گروپی وەك (پاراستنی ترافیك) .

هەرچەندە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو دوو گروپەدا، بەڵام هەندێ گروپ هەن کاری هەردوو گروپەکە دەکەن، وەك گروپی جەنگاوەرە دێرینەکانی ئەمریکا کەخاوەن بۆچونێکی محافزکارانەیان هەیە و بە بەهێزترین گروپی گوشار دادەنرێن لەو وڵاتەدا. هەروەها (کۆمەڵەی کچانی شۆڕشی ئەمریکا) و (یەکێتی لاوان) و گروپە ئایینی و مەدەنییەکان. هەروەها هەندێ گروپی وەك پزیشکان و پارێزەران و ئەندازیاران هەیە کەهەم بەرگری لەبەرژەوەندی خۆیان دەکەن و هەم خاوەن بیروڕای سیاسی و کۆمەلأیەتین.

## رەگەزکانی چالاکی گروپەکانی گوشار

ئەوەی گرنگی گروپەکانی گوشاری زیاتر کردووە، کۆبوونەوەی کەرەستەکانی بەرهەم هێنانە لەدەست چەند کەسێکی کەمدا لەلایەك و یەکێتییەکانی کرێکاران و پیشەوەران و جوتیاران لەلایەکیتردا، هەر ئەوەش وای کردوە، حکومەتەکان نەوێرن رووبەرووی ئەم گروپانە ببنەوە. بۆ کورت کردنەوەی دەستێوەردانەکانی ئەم گروپانە حکومەتەکان هەڵدەستن بەدەرکردنی کۆمەڵە بڕیارێك بۆ بنبڕکردنی بەرتیل و سوکایەتی پێکردن و بەکارهێنانی ناشەرعی پۆست و هەوڵ دان بۆ رەخساندنی هەلی یەکسان بۆ خستنەرووی بۆچوونەکان. هەروەها حکومەتەکان کار بۆ ئەوەدەکەن هەندێ لەخاوەن پیشە و توێژە جیاجیاکان لەپەرلەماندا بکەن بەئەندام و خەڵك لەوە هۆشیار بکەنەوە کەگرنگی بەبەرژەوەندی گشتی بدەن. ((ژان مینو) ) ی بیرمەندی فەرەنسی ئەو رەگەزە سەرەکیانەی دەست نیشانکردووە کە دەبێتەهۆی چالاکتربوونی گروپەکانی گوشار.

-1ژمارەی ئەندامانی گروپەکانی گوشار: توانا و هێزی گروپەکانی گوشار بەندە بەژمارەی ئەندامەکانی. ئەوەی کەپێویستە لەبەرچاوبگیرێت هەموو ئەندامانی گروپەکانی گوشار وەك یەك چالاك و هۆشیار نین لەسەر ئەو مەسەلانەی کە گروپەکە بەرگرییان لێدەکات. لەوانەیە سیاسەتمەدارەکان لە گروپێکدا ((زیاتر هێزێکی شاراوە) ) بن لەوەی ئەندامێکی ئاسایی بن.

-2توانای دارایی: تا ژمارەی ئەندامانی گروپەکە زیاتربن، توانای داراییان بەهێزتر و پتەوتر دەبێت، چونکە گروپەکە لەسەر ئابونەی ئەندامەکانی دەژی. گومان لەوەدا نییە گەر گروپەکە پشت بەدارایی خۆی ببەستێ گوشارەکەی بۆ سەر حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی زیاتر دەبێت.

-3رێکخستنی پتەو: دەبێ بزوتنەوەکە خاوەن بناغەیەکی بەهێزبێت، دوو هۆکار هەن بۆ رێکخستنی بەهێز یەکەمیان جۆری سەرکردایەتیەکەیە و دووهەمیشیان گرنگی ئەو پەیوەندیانەیە کە گروپەکە لەنێوەندەکانی پەرلەمان و وەزارەتەکان و دامەزراوەکانی بەرهەم هێنانی رای گشتیدا هەیەتی.

-4پلەوپایەی کۆمەڵایەتی گروپەکانی گوشار: هەموو گروپە کۆمەڵایەتیەکان وەك کەسایەتیەکان لەهەوڵی ئەوەدان پلە و پایەی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیان هەبێت. ئاستی کۆمەڵایەتی گروپەکە دەتوانێ ئەندامی بۆ راکێشێ یان لێ دورخاتەوە. پلە و پایەی کۆمەڵایەتی گروپەکە رۆڵی گەورە دەبینێ لە کاریگەری گروپەکە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت.

ئەو کەناڵ و شێوازانەی کە گروپەکانی گوشار بەکاری دەهێنن

ژان مینو ئەو کەناڵ و شێوازانەی دەست نیشانکردوە کە گروپەکانی گوشار بەکاری دەهێنن بۆ گوشار خستنە سەر حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی.

-1راگەیاندن: گروپەکانی گوشار بەشێوەیەکی سەرەکی راگەیاندن بەکاردەهێنن بۆ گوشار خستنەسەر دەسەڵات. ئەویش لەرێگەی بلاوکردنەوەی یاداشت و سکاڵا و پێشنیار بۆ بەردەم پیاوانی دەسەڵات تاکو قەناعەتیان پێبکەن و رایان بگۆڕن. لێرەشدا چالاك بوونی ئەو کەناڵەی کە گروپەکانی گوشار بەکاری دەهێنن دەردەکەوێت.

-2هەبوونی پارە: پارە رۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە کەسب کردنی هەندێ لەپیاوانی دەسەڵات و سیاسەت، ئەویش بەهێنانیان بۆ ناو حزبەکان یان بە بەرتیل دان بە گەورە بەرپرسان.

3-هەڕەشە: گروپەکانی گوشار لەهەندێ حاڵەتدا پەنا بۆ هەڕەشەدەبەن و جاری واهەیە هەڕەشەکە دەگاتە تیرۆرکردن و رفاندن و هەندێ شێوازی تری هەڕەشە و گوڕەشە.

4-کاری راستەوخۆ: وەك بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی و مانگرتن و خۆپیشاندانی جەماوەری و نانەوەی ئاژاوە لەشوێنە گشتیەکاندا.

چالاکی گروپەکانی گوشار و کاریگەرییان لەوەدا دەردەکەوێت کەشان بەشانی سیاسەتمەدار و گەورە بەرپرسان کاردەکەن. هەرچەندە هەندێك لایەن پێیان وایە گروپەکانی گوشار تەنیا ((ئالەتێکی بەهێزن) ) بۆ کوشتنی دیموکراسی، بەڵام کەسانیتر هەن پێیان وایە ئەو بڕیارە بڕیارێکی زاڵمانەیە و گروپەکانی گوشار بەوە لەقەڵەم دەدەن کە بەتەنیا کار لەسەر رای گشتی دەکەن.

هەندێ لە بیرمەندانی سوسیالیستی پێیان وایە کێشەی گروپەکانی گوشار تەنیا لەحاڵەتێکدا چارەسەر دەبێت کە داهات بەیەکسانی دابەش بکرێت لەنێوان کۆمەڵگادا. هەر بۆیە باشترین شێواز بۆ نەمانی کاریگەری گروپەکانی گوشار پەیڕەوکردنی سیستەمی کۆمەنیزم یان سوسیالیستیە، چونکە ئەم گروپانە لەپێکهاتەی دەوڵەتدا دەتوێنەوە و دەبنە بەشێك لەحکومەت و کار بۆ بەدیهاتنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا دەکەن. بەڵام ئەم بۆچونانە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، چونکە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا نەدەگونجان کەحەزی لەخۆیەتی و بەرژەوەندی خۆی دەخاتە پێش بەرژەوەندی کۆمەڵەوە.

هەندێ نمونەی گروپەکانی گوشار

گرنگترینی گروپەکانی گوشار خۆی لەم نموونانەدا دەبینێتەوە.

یەکەم: سەندیکاکانی کرێکاران و کۆمەڵەی پیشەوەران:

بریتییە لەو رێکخراوانەی کە کرێکاران دایدەمەزرێنن و دەبنە ئەندام تێدا بەمەبەستی یەکخستنی هەڵویستیان و خەبات کردن بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ لەپێناوی دەست کەوتنی مافەکانیان. وەك ئاشکرایە دامەزراندنی ئەم رێکخراوە کرێکارانە و بوون بەئەندام تیایاندا دەبێتەهۆی رەخساندنی هەلی ئاگاداربوون لەهەلومەرجی کارەکانیان و دەستنیشانکردنی پێداویستەکان و خواستەکانیان و یەکخستنی توانا و هەوڵەکانیان لەگروپێکدا.

بەڵام گروپەکانی پیشەیی تەنیا لەکرێکاراندا قەتیس نەبوون، بەڵکو خەڵکانی تریش کەپیشە و کاری هاوشێوەیەکان هەیە دەتوانن لەسەندیکای خۆیاندا کۆببنەوە. ئەم گروپانە دەتوانن بەشێوەیەك لەشێوەکان کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دابنێن و ئاراستەی

حکومـەت بکـەن. ئـەویش بـەپێی توانـا و هەلومـەرجی کارکردنیـان، ئەمانـە دەتـوانن لەرێگەی مانگرتن لەکار و وەرگرتنی یەك هەڵوێستی ببنە رێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت.

لەم سەردەمەدا سەندیکاکانی کرێکاران گرنگترین گرووپی گوشارن لەوڵاتان، چی لەرووی ژمـارەوە بێـت یـان لـەرووی هێـز و کاریگەرییـەوە بێـت. ئـەم سـەندیکایانە هـەموو گۆڕەپانـەکانی کـاری پیشەسـازی و بازرگـانی و کشـتوکاڵی تەنانـەت خـاوەن پیشـە ئازادەکانی وەك پزیشکان و پارێزەران و دەرمانخانە و مامۆستایانیش دەگرێتـەوە. هـەر ئـەم سـەندیکایانەش کـە لەکۆمەڵگاکانـدا چـالاکن. بـەلاَم لەگـەڵ هـەموو ئەوانەشـدا سـەندیکای کرێکـاران لەبـەر زۆری ژمـارەی ئەنـدامانی گـرنگترین سـەندیکان، چـونکە لەهـەموو سـەندیکاکانیتر لەحزبـە سیاسـی و جەماوەرییەکانـەوە نـزیکن. هەرچـەندە ئـەم سەندیکایە بایەخ زۆربـە دابین کردنـی بەرژەوەنـدی ئـابووری و کۆمەلاَیـەتی ئەندامـەکانی دەدات، بـەلاَم رۆڵێکـی سـەرەکی دەبینـیٚ لەپرۆسـەی کارکردنـە سـەر دەرکردنـی بڕیـار لەلایەن دەوڵەتەوە، بگرە لەخۆ هەڵقورتاندە کاروباری سیاسی و کارکردنە سەری.

پەیوەندی سەندیکاکان بەحزبە سیاسیەکانەوە

ئاشـکرایە پەیوەنـدی سـەندیکاکانی کرێکـاران بەحزبـە سیاسـییەکانەوە فـرەرەنگ و لەهەمان کاتدا جیاوازە، لەوانەیە ئەو پەیوەندییە شەخسی و ئایدۆلۆژی بێت. بۆ نموونە دەکریٚ کەسەکان ئەندامی حزبێك بن و لەهەمانکاندا ئەندامی سەندیکایەك بن. لەوانەیە بـوون بەئەنـدام لەحزبێکـدا ببێتـەهۆی چـوونەریزی سـەندیکایەکەوە وەك لـەحزبی کرێکـارانی بریتانیـادا روودەدات کەئەندامـەکانی لەخـەڵکی سـادە و سـەندیکاکان بێـت. بۆیـە لـەم حاڵەتانـەدا ئاسـاییە کـە سـەندیکاکان کاربکەنـە سـەر داڕشـتنی سیاسـەتەکانی حزبەکان. لەم سەردەمەدا کەزۆربەی کـارگێڕانی سـەندیکاکان هـەرخۆیان کـارگێڕی حزبـە سیاسییەکانن، چونکە زۆرجار سـەندیکاکان پاشـکۆی حزبـە سیاسـەکانن. سـەندیکاکان دەیانـەویٚ لەرێگـەی حزبەکانـەوە بـۆ کۆکردنـەوەی ژمارەی دەنـگ یارمـەتی سـەندیکاکان دەدەن.

بـەم جـۆرە لەرێگـەی ئـالوگۆڕکردنی رۆڵەکانـەوە، رووبەروبونـەوەی حکومـەت و حزبـە سیاسییەکان شێوە راسـتەوخۆکەی دەگـۆڕیٚ و بەناراسـتەوخۆ لەرێگـەی سـەندیکاکانەوە ئەنجام دەدرێن. لێرەوە دەتوانین لەناوەرۆکی بزوتنەوەکانی مانگرتن بگەین.

سەندیکاکان و کاریگەریان لەسەر ژیانی سیاسی

بـەپێی قـەبارە و سـتراتیژیەتی سـەندیکاکان کاریگـەرییان لەسـەر دەسـەلاَتی سیاسـی دەگۆڕێـت. شـێوازی مـانگرتن و کـارکردنی راسـتەوخۆ گـرنگترین چـەکە بەدەسـت

سەندیکاکانەوە. هیچ حکومەتێك ناتوانێ لەبەرامبەر (بۆ نمونە مانگرتنی کرێکارانی نەوت) (لەولاتانی بەرهەمهێنی نەوت دا) بەبێ دەنگی بوەستێ یان لەولاتە پیشەسازییەکاندا بەرامبەر مانگرتنی کرێکارانی ئاسن و خەڵوز و گواستنەوە و گەیاندن.

لەهەندێ حاڵەتدا سەندیکاکان لەحزبە سیاسیەکان بەهێزترن، بۆ نمونە ((سەندیکای کاری ئەمریکا) ) توانای ئەوەی هەیە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ مانگرتن دروست بکات و موچەی تەواوی مانگرتووەکانیش بدات. لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت ناکرێ ئەو سەندیکایانە بەشۆڕشگێر لەقەڵەم بدرێت، بەڵکو ئەوە ئاراستەیەکی سەندیکاییە بۆ کرێکارانی ئەمریکا و دەچێتە خانەی سیستەمی سەرمایەداری ئەمریکاوە.

دووەم: گروپە خاوەن ئایدۆلۆژییەکان

گروپە ئایینەکان (پیاوانی ئاینی) گرنگترین گروپی گوشارن لەسەر سیستەمی سیاسی (واتە دەسەلات) . ئاشکرایە دەسەلاتی ئایینی تاکو ماوەیەکی درێژ کاریگەری هەبوو لەسەر دەسەلاتی سیاسی. واتە بۆ ماوەیەکی درێژ پیاوانی ئایینی خۆیان دەسەلاتیان لەدەست دابوو. لەسەردەمی دەوڵەتی ئیسلامی یەکەم و ئەوروپای سەردەمی کلێسەکان وابووە. هێشتا کاریگەری پیاوانی ئایینی لەسەر گۆڕەپانی سیاسییەوە بەهێزە. دیارترین نمونەش ڕۆڵی پیاوانی ئایینیە لەئێران و ململانێیان لەگەڵ ڕژێمی شا و روخاندنی ئەو رژێمە لەساڵی 1979. بزوتنەوە سیاسیەکان خۆیان لەزۆر بواری ژیاندا هەڵدەقورتێنن هەر لەجل و بەرگی ژنانەوە بگرە تادەگاتە مەسەلەی منداڵ لەباربردن و دژایەتیکردنی ئینحلالی ئەخلاقی.

بەلام سەبارەت بە سوپا وەك هێزێکی گوشار، هەموولایەك دەزانن هەر لە کۆنەوە دەسەلات داران پشتیان بەهێزێك بەستووە بۆ بەڕێوەچوونی ئیدارە و ئاراستەکردنی سیاسی. هەرچەند کاری سەرەکی سوپا بریتییە لەپاراستنی سنوورەکانی ولات و دابین کردنی ئاسایش بۆ هاوولاتیان، بەلام سوپا بەهێزێکی گەشار لەقەڵەم دەدرێت و ئاست و رێرەکەشی بەندە بەپێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەلایەتی ولاتەکەوە.

لەولاتە پێشکەوتووەکاندا سوپا وەك هێزێکی گوشار یەکێکە لەدامەزراوە سەربەخۆکانی ناوەوەی دەوڵەت، واتە ملکەچی دەسەلاتی سیاسی مەدەنییە و فەرمانەکانی لەدەسەلاتی شەرعییەوە بۆ دێت. ئەرکی بریتییە لەپاراستنی ولات لەهەر دەست درێژییەکی دەرەکی و پاراستنی دەستور و سەرۆکی دەوڵەت خۆی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی لەدەست دایە.

لەم ئاراستەوە تێبینی ئەوە دەکرێ گرنگیدانە سەربازی و بەرگرییەکانی نیشتمانی لەزۆر بواری ژیاندا پەل دەهاوێژێ و پەیوەندی بەهەموو تواناکان و داهاتەکان حکومەتەوە هەیە، هیچ بوارێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەلأیەتی نیە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەیوەندی بە بەرگریکردن لەنیشتمانەوە نەبێت. پێشکەوتنی شارستانیەت و رێکخستنی گواستنەوەی دەریایی و ئاسمانی و زەمینی بەلای دەستەی ئەرکانی سوپاوە گرنگە.

ئەرکی سوپا لەولأتە تازە پێشکەوتووەکاندا، هیچ جیاواز نییە لەولأتە پێشکەوتوەکان، چی لەرووی بەرگری لەنیشتمان و پاراستنی ئاسایشی گشتی بەوە بێت یان لەناوخۆی ولأت. بەلأم لاوازی لەولأتە تازە پێشکەوتووەکان وا لەدامەزراوە سەربازییەکان (سوپا) دەکات دەسەلأتی سیاسی بگرێتەدەست. بەتایبەت لەکاتی دابڕانی حکومەتەکان لە گەل.

سەرچاوە:

WWW. t1t. net